
# دیمانەیەکی کورت لەگەڵ (جەلال بەرزنجی)ی شاعیردا

## سازدانی/عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

جەلال بەرزنجی وەك دەنگێکی دیاری شیعری کوردی چەند دەیەیەکە خەریکە بەئەزموونەکانی خۆی بزووتنەوەی شیعری کوردی دەوڵەمەند دەکات و پەیتا پەیتا و بەڵام لەسەرخۆ لەدەرگای شیعر دەدات .لە(سەمای بەفری ئێواراندا) جەلال بەرزنجی بەرەو ڕووی یەکەمین تاقیکردنەوەی خۆی کردین و دوواتریش لە هەوڵەکانی تریدا هەست بەهەمان نەفەس لە نوێ بوونەوە دەکەین بەتایبەتی لە( یادەوەری کەسێکی بەربا)دا.



یەکێك لەکارە سەختەکانی ساختمانی داهێنان تێپەڕاندنە(تجاوز) لە ئەزموونەکانی ڕابردوو بەردەوام بوونە لە هەڵکشان بە کێرڤی نوێ بوونەوە و ئەفراندن.جەلال بەرزنجیش نایەوێت بکەوێتە دەرەوەی ئەو کێرڤە و ئێمەش بە هێمنی ئەیدوێنین و بزانین خۆی چۆن لەباڵەخانەی چەند پرسیارێکەوە ئەکەوێتە باڵەفڕکێ بەنێو دونیای شیعردا.

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) / ڕابردوو بەشێکە لە مێژوویەکی درێژ.ئایا دەکرێ دەق بکەوێتە دەرەوەی مێژووەوە وتەجرید بکرێ لەکات و شوێن؟**

جەلال بەرزنجی /دەقنووسیش مرۆڤە و بەتەنیا لە دوورگەیەکی گۆشەگیر ناژیت، هەمیشە دوو ستایلی ژیان دەژیت ، ژیانێك لەناو کۆمەڵ و ڕۆتینەکان بۆ بەردەوام بوون .ژیانێکی تریش لەگەڵ خودی خۆی و تەنیایی و ڕامان و ئەزموونەکانی و ململانێ ی لەگەڵ دەق کەئەوە ژیانی ڕاستەقینەی داهێنەر بەڵام لای ئێمە شاعیران ناتوانن هەمیشە وا بژین.
ئەو دەقانەی لاسایی و گوزارشت لە واقیع دەکەن هەمان کات و شوێنی واقیع لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن.ئەو دەقانەی خوڵقێنراون و واقیع تێدەپەڕێنن پێشی دەکەون و کات و شوێنی جیاواز لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن.

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) / مارگریت ئات وود دەڵێ((ئەگەر کۆمەڵگە ئەدەبی لێ دەربکێشرێ،ئیتر کۆمەڵگەیەکی پڕ لەژاوەژاو و هەراو هوریای لێ دەردەچێ)) ، تۆ جوانی ئەدەب چۆن دەبینی؟**

**جەلال بەرزنجی / زۆر ڕاستە و لەگەڵ بۆچوونەکەی (مارگریت ئات وود)دام . ژیان بەبێ ئەدەب و هونەری مەزن بەتاڵ و بێ مانا بێ جوانی دەمێنێتەوە، ئەدەب باڵانسی ژیان ڕادەگرێت پەروەردەی ڕوح دەکات بەرەو هەڵکشان و درەوشانەوە . ئەدەب مێژووی پەیوەندی نهێنی شتەکان دەنووسێتەوە و مامڵەیەکی هونەری و ئیستاتیکایی لەگەڵ وشە دەکات...ڕەهەندی تر و مانای تر دەداتە ژیان.**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) / تاراوگە ، هەندەران ئەمڕۆ پانتاییەکی گەورە لەو دەقانە داگیر دەکات کەنووسەرەکانیان لەدەرەوەی کوردستانن.ئایا قورسایی چەمکی تاراوگە لەبارە ڕۆحییەکەیەوە توانیویەتی دەقە شیعرییەکانت کۆنترۆڵ بکات ،یان چ کاریگەرییەکی هەیە بەسەر دەقە شیعرییەکانت؟**

**جەلال بەرزنجی / من وا هەست ئەکەم هێشتا ئەدەبی تاراوگە پانتاییەکی گەورەی لەناو ئەدەبی کوردیدا نی یە، جیاوازیەکی یەکجار زۆر لەنێوان ئەو ئەدەبەی لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان بەدی ناکرێت. شاعیرانی تاراوگەش لەگەڵ خۆیان موعانات و ترس و نیگەرانی و نامۆ بوون و پێشینەی خۆیان هەڵگرتووە. وەهەروەها ئەو ئاسانکاریانەی شۆڕشی زانیارییەکان هێناویانەتە ناو ((گوندی جیهانی- Global Village)) سەرچاوەی زانیاریەکان و نووسینیان لێك نزیك کردۆتەوە.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئەدەبەی لە تاراوگە دەنووسرێت سیمای زیاتر کوڵینی یادەوەریەکان و گەڕانەوە بۆ یادەوەریەکان و دنیای نۆستاڵۆژیا و ئەو شتانەی لە ماڵەوە(Back Home) پێوە دیارە.**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) / شیعر کۆتایی نی یە و پێکۆتاییە،واتا ئەو شیعرانەی کەلەژێر ناوی جیاجیادا بڵاو دەکرێنەوە،بەشێکن لەو شیعرە بێکۆتاییەی کەبەدرێژایی ژیانی شاعیرەکە درێژەی ئەبێ.تۆ لەم بارەیەوە ئەڵێی چی؟**

**جەلال بەرزنجی /ڕاست دەکەی شیعر شتێکی ڕەها و بێ کۆتایی و فەزای گەردوونە...ئەو شیعرانەی بڵاو دەکرێنەوە لەهەمان فەزای گەردوون درێژ دەبنەوە و کۆتاییان نایێ.هەموو جارێ بە شیعرێك دەیخوڵقێنیتەوە و درێژی دەکەیتەوە .سروشت و هەست و نەست و خەیاڵ و مەرگ و سەفەر و وردەشتاکانی تری ژیان بابەتی خوڵقاندنەوەی شیعرین هەریەکە و بەڕامانی جیاواز باڵەخانەی شیعری خۆی لێ دروست دەکات...مێژووی داهێنان شیعرێکی درێژ درێژتر لەژیان پێك دەهێنن.**

**مانگی شەشی**/2005

**تێبینی/ئەم پرسیارانە لە مانگی 7 ی 2004 دا ئامادەکران و خرانە بەردەست کاک جەلال بەرزنجی شاعیر ،کەچی لەدوای 11 مانگ وەڵامەکانی نوسییەوە و بۆی ناردمەوە و منیش وەکو خۆی وەکو خۆی بڵاوی دەکەمەوە.**